The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# با ڕۆژی 14-4 بکەینە ڕۆژی داواکاری بە فەرمی ناسینی ئەنفال بە ژینۆساید و دادگایی ئەنفالچییەکان و هەوڵدان بۆ باشترکردنی باری ژیانی کەس و کاری قوربانیان

**کەس و کاری ئەنفالکراوەکانی کوردستان**

**هاووڵاتیانی کوردستان**

**پارت و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی وپیشەییەکان**

**دادگاییکردنی سەرانی ڕژێم لە پای تاوانی ئەنفال لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە , لە ڕۆژانی داهاتوو لە چاوەڕوانی دوا بڕیاردایین لەسەر دۆزی ئەنفال , بە پێی هەموو پێوەرێکی نێونەتەوەیی , ئەنفال دەچێتە چوارچێوەی تاوانی ژینۆسایدەوە , بۆ ئەوەی قورساییمان هەبێت بەسەر بڕیارەکانی دادگا , پێویستە لە ڕۆژی 14–4 وەك ڕۆژی 21–8 جارێکی دیکە هێزی جەماوەریمان بهێنینەوە مەیدان و بە هەموو لایەکمانەوە داوا بکەین " دەبێت لە دادگادا ئەنفال بە ژینۆساید بناسرێت " . پێناسەکردنی ئەنفال بە ژینۆساید لە دادگای عێراقی , کە خۆیان تاوانەکەیان بەرامبەر بە نەتەوەکەمان ئەنجامداوە , گرنگی یاسایی و سیاسی گەورەی هەیە , لە داهاتووشدا ئەنفال بە بڕیارەکانی ئەو دادگایە لەسەری , لە سەر ئاستی جیهانی لە ناوەندە سیاسی و یاساییەکان پێناسە دەکرێت .**

**هاوکات نابێت ئەوە لە یاد بکەین , ئەوانەی تاوانی ئەنفالیان ئەنجامدا , تەنها ئەو 7 کەسە نەبوون وا ئێستا دادگایی دەکرێن “ سەدام لە سێدارەدرا " بەرامبەر بەو تاوانە مەزنە , بەڵکە بە ئەندازەی گەورەیی کارەساتەکە تاوانبار گلاونەتە تاوانەکەوە , پێویستە هەر ئێستا , بە تایبەت لە دادگای کوردستان تەواوی تاوانکاران وەك تاوانبار دادگاییبکرێن , چاو لە کەسیان نەپۆشرێت بەهیچ بەهانەیەکەوە , بۆ ئەم مەبەستەش لە سەرەتادا پێویستە بە زووترین کات وەڵام بە داواکاری کەس و کاری قوربانیانی شاری سەنگەسەر بدرێتەوە .**

**دیارە بوونی یاسایەکی دادپەروەرانە , بتوانێت مافە مادی و مەعنەوییەکانی کەس و کاری قوربانیان دابین بکات , داخوازی هەموو لایەکمانە , بۆیە پێویستە لە ڕۆژی 14–4 بە هەموومانەوە یاسای پێشنیارکراو بۆ شەهیدان و کەس و کاری ئەنفالکراوان ڕەتبکەینەوە , داوای یاسایەکی دادپەروەرانەتر بکەین بۆیان , دەبێت ڕاستەوخۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کەس و کاری قوربانیان و ڕێکخراوەکانیان لە داڕشتنی ئەو یاسایە پشکداری بکەن و ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن .**

**ئێمە وەك ناوەندی چاك لە پێناو ئەو داواکارییە سەرەکییانەمان , بانگەوازی هەموو لایەك دەکەین , ئەمساڵ زیاتر لە ساڵانی پێشوو , لە ڕۆژی 14–4 گرنگی بە یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال بدرێت , لە هەر جێگەو شوێنێك بە هەر شێوەیەك پێمان دەکرێت " بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان یان مانگرتنی گشتی " , ئەو یادەوەرییە تاڵە بەرز ڕابگرین و بۆ بەدەست هێنانی داواکارییەکانمان پاڵەپەستۆ لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان درووست بکەین , بە تایبەت بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان بۆ بەردەم باڵوێزخانەکانی عێراق بۆ داواکاری ناسینی ئەنفال بە ژینۆساید گرنگی تایبەتی خۆی هەیە , با لەبەرامبەر دوا بڕیارەکانی دادگا بەرامبەر بە تاوانبارانی ئەنفال وریا بین , هاوکات داوا بکەین تاوانکاران لە سەربازگەی دوبز یان سەربازگەی قۆڕەتوو , یاخود ئۆردوگا زۆرەملێکان بەتایبەت " شۆڕش , ڕزگاری , بنەسلاوە , ... " لە شوێنی کوکردنەوەی ئەنفالکراوەکان سزاکانیان بەسەردا جێبەجێبکرێت .**

**هاوکات بەرامبەر بەو هەموو بێمافییەی لەم 16 ساڵە بەرامبەر بە کەس و کاری قوربانیان کراوە لە کوردستان لە ڕوی مادی و مەعنەوییەوە , پێویستە لایەنە بەرپرسەکان لە کوردستان بە حکوومەت و حیزبەوە لە 14–4 ی ئەمساڵ داوای لێبوردن لە سەرجەم قوربانیان بکەن .**

بۆ بە زیندو ڕاگتنی ئەم کارساتە , پێویستە و بەزوترین کات دەست بە هاوردنە وە ی روفاتی قوربانیان و بە دروستکردنی مۆنیومێنتی ئەنفال بکرێت لە بان مە قان .

**ناوەندی چاك**

**2007–3–24**